

# گۆران
# ڕازەکانی بوون و مرۆڤ و جوانی



شیعر وەکو ژیان شاکارێکی ناتەواوە، بەڵام گۆران شاعیرێك بوو لە لوتکەدا چونکە شیعری بۆ رازی شاکارەکانی بوون و مرۆڤ و جوانی یان بە گشتی بۆ ژیان دەوت.گۆران لە سروشت و زمانەوە بەرەو جوانی دەچوو و ئازادی دەکردە رازی حەقیقەتی ژیان بۆ مرۆڤ و بۆ سروشت. هەمووان دەزانن کە گۆران گەلێك شاکار و داهێنانی لە ئەدەب و شیعری کوردیدا ئافەرین کردووە، بەڵام هەموو ئەو داهێنان و شاکارانەی لە پێناوی مرۆڤدا بووە، بۆیە ئەو وەکو مرۆڤ دەبێتە لوتکەی داهێنان و جوانیەکان.

ئەدەب و هونەر راگەیاندن یان ئاشکراکردنی رازی بوون و هەبوونن، باشترین ڕازی بەرهەمی هونەریش لەناو ڕازی بوون و هەبوونی مرۆڤدا پەیدا دەبن،کە ئەمەش ڕەهەندی تایبەتی و تاکانە دەدات بە شیعر یان هونەر.لەلای گۆران دەبێت لە ڕوانگەیەکی تەواو نوێ تەماشای هونەر بکەین،هەروەکو چۆن دەبێت لەو ڕوانگەیەوە تەواوی ژیان بناسین و ئەم ناسینەش تەنها بەمەبەستی ناسین نییە، یان بۆ مەبەستێکی دیکە،بەڵکو لە پێناوی ئەوەدایە کە پەیامی راستینەی شیعر و هونەر ببێتە ئامانج کە ئەویش بەیانکردنی تەواوی حەقیقەتی بوون و ژیانە.ئامانجی شیعر و هونەر لە ڕێگای جوانیەوە، وەکو فکر و سیاسەت و فەلسەفە، هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو یان ویستراو نیە، بەڵکو کرانەوەی هەموو ڕازەکانی بوون و هەقیقەتە.

**ئەمویست دەروون بکردایەوە وەك تۆمار**

**دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار**

**دەرکەوتایە،ئاوات هیوا، خەو بینین**

**پرشنگدار لە ئەستێرەی قوببەی شین**

**دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری**

**بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسك ئەگری (هەڵبەستی دەروون)**

**یان لە زەنگی پەستیدا:**

**چی یە ئەی رۆحی بێ لێوار و بێ پەی**

**لە تۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟**

**چی یە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە**

**کە پێ هەڵهێنەری چاوی شعورە**

**کە دێ پەستم،کە نایە ئارەزووی دڵ**

**بە دوویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ، مەنزڵ (زەنگی پەستی)**

گۆران جیابوونەوە یان دابڕانە لە نەریتی ئەدەبی، یان جوانناسی پێش خۆی، کە بێگومان ئەمە بە مانای سەیرکردنی ناشایستە نیە بۆ شیعر و جوانناسی هەتا ئەو کاتە، بەڵکو هونەر لەلای ئەو والاترین و بالاترین ماڵی هەیە. جوانترین و شایستەترین ماڵی والایی و جوانی ئەوەیە کە بزانین گەوهەری هونەر و داهێنان لە کوێن، کە بێگومان لەلای گۆران لە پرس و ڕازیبوون و هەبووندان. پرسی سەرەکی یان ڕازی ئەدەب و هونەر لەلای گۆران هەمان ئەو پرسەیە کە فەیلەسوفی جوانناسی ئەڵمانی(مارتین هایدگەر) ناوی دەنێت (بوون ناسی بونیادی یان حەقیقی). بوون ناسی یان مرۆڤناسی(بێگومان لە ڕێگای جوانناسی و زمانناسیەوە) لەلای گۆران نایابترین و جوانترین داهێنانە کە دەتوانێرامانەکان لە بوون، یان بۆ مرۆڤ بەرهەمبهێنێ و ئەمەش بە شێوەیەك دەشیعرێنێ کە تەنانەت مرۆڤە سادەکانیش دەیناسن، چونکە لە حەقیقەت و بوونی مرۆڤ و ئامانجەکانی دوور ناکەوێتەوە، لەبەرئەوەی ڕازی هەبوون و مرۆڤ دەنەخشێنێ.گۆران تەنها لە ڕوانگەی شیعر یان جوانناسیەوە ڕازەکانی سروشت، زمان و ئازادی و مرۆڤ نابینێ (ئەگەر چی هەریەك لەمانە لە خودی خۆیاندا جلیوە مەزن و بەرزەکانی بوونی ڕاستەقینەن)، بەڵکو لەوپەڕی دانایی و ڕووناکبیری و داهێناندا ئەم پرس و ڕازانە دەکاتە شاکارەکانی شیعر.

**ئەوندە جوان، لەوە جوانتر**

**لە شنەی بای شەو ڕەوانتر**

**لە لەرەی پرشنگ،ئاوازە**

**لە خوڕەی ئاو،شیعری تازە**

**بە ئاهەنگتر، بەخوڕۆشتر**

**بە گوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر**

**پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزدا**

**جوانێ لە بەژنێکی بەرزا! (ڕەوتێکی جوان)**





یان لە (ئاواتی دووری)دا، بە هەموو بینینە جوانەکانی چاوی چەشنی بازی قەفەس، بەرەو دەنگی دووری یار و خەندەی پڕ ئاهەنگ و نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ و زرەی بازن و هاڕەی هەیاسە، تا دەگاتە بۆنە خۆشەکانی هەناسەی یار پڕ بە سینەی بەتاسە و بۆنی مەمە و وەنەوشە و گوڵ و مێخەك و سمڵ لە درزی سوخمەوە، بەرەو لەمسی تەماسی لەشی نەرم و لەزەتی کۆشی گەرم و مەمکی پڕ چنگ و لیمۆی باخی سنگ و جورعەی ئەبەدی خەیاڵی ماچی لێوی ئاڵ.هەموو ئەمانە مەگەرگۆران بتوانێ بەو پڕی و تەواو جوانیانەوە نەخشینیان بکات، بەڵام مەبەستی ئاواتی دووری هەر تەنها لە بینین و دەنگ و بۆن و تەماسی لەشی نەرمدا تەواو نابێ، بەڵکو بە پێی دیدگا و نەریتی گۆران دەبێت تەواوی حەقیقەتی ئەو ئاواتە دووره بەیانکرێت،کە ئەویش بەمشێوەیە:

**ئەی خاتیرانی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم:**

**خنکاوی بەحری دووری نەکەی عەشقی ڕەنجەڕۆم،**

**جلیوەت لە چاوت ونەبێ**

**هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ!**

**چەشنی ئاوێنە، دائیم بنوێنە:**

**عەشقی قەدیمی یار**

**تا وەختی ئیحتیزاز**

سەرئەنجام عەشقی قەدیمی یار دەبێتە حەقیقەتی تەواو، کە فراوانترە لە بینین و دەنگ و بۆ و لەمس،ئەمەش ئەو ڕازە گرنگەیە کە گۆران لە تەواوی شیعرەکانیدا لە بیری ناچێت و ئەوانەی کردۆتە لوتکەی شاکارە شیعرییەکانی.

یان لە (ئافرەت و جوانی) دا بە هەموو جوانیەکانی سروشت و ئافرەتەوە دێتە مەیدانی شیعر و لەوانەش گرنگتر هەمیشە جوانی یار بەرامبەر جوانی سروشت و شیعر و هونەر براوەیە و لەوەش زیاتر ئەوەیە کە دەگاتە لوتکەی ئەو جوانی و داهێنانەی کە دەڵێ:

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**

**بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز**

**کام تاسە،کام مەیل، کام چاوەڕوانی**

**تەلیسماویە وەك هیی دڵداری. (ئافرەت و جوانی)**

بەم شێوەیە گۆران بەهرە و جیاوازیی هونەر و شیعر باڵاتر لە هەموو شێوازەکانی دیکەی داهێنان و تەکنیك بۆ مرۆڤ دەنەخشێنێ و ئەوەمان فێر دەکات کە ئایا لە هونەر و شیعردا(جگە لە شیعریەت و جوانناسی،کە بێگومان بە شاکارە گرنگەکانی گۆران ئەژمار دەکرێن) ئێمە دەتوانین پەی بەڕازی مرۆڤبوونی خۆمان بەرین و ئازادی و سەربەخۆییمان لەو ڕازانەدا بدۆزینەوە؟وەڵامی گۆران لە تەواوی شیعرەکاندا ئەوەیە،کە ئێمە دەتوانین ئەم ڕاستیە تەواوە لە دڵی پرس و ڕازی داهێناندا پەیدا بکەین و هەر بۆیەش هونەر و شیعری گۆران پەیوەندی نزیکی بە ئەندێشە و بیرکردنەوە هەیە و شاعیر و هونەرمەندیش لەم زەمینەیەدا دەتوانن بیرمەندو ئەندێشیار بن.

**بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم**

**ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم**

**گران هەتا دواهەناسەی ژیانم**

**لە بیرم چێ ئەو جوانەی دای نیشانم**

**دیوانەکەی (برۆنس) کە نەغمەی شیعری**

**ئەڵێی کچە پێئەکەنێ، یان ئەگری. (بۆ کچێکی بێگانە)**

**یان لە شیعری(بۆ هیوای کورم) دا دەڵێت:**

**چییە توخوا؟چ سرێکە وەها مەحکومی گریانی**

**کە تۆهێشتا لە غەم ناگەی؟لە مەعنای گریە نازانی**

**حەقت بوو ئەم هەموو گریانی نامەفهووم و بێ مەعنا**

**زمانی بەست و تەقریری شکاتت بێ لە دەست دنیا**

**وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و ئەفسوونە**

**لەیەك سەرچاوە دووقەترە: یەکێ لێڵە، یەکێ ڕوونە**

**ئەوەندەی ڕۆحی مەئیوس و مەلوول تاریك ئەکا دنیا،**

**ئەوەندەش نوور لە ڕۆحی شادەوە ئەرژێ بە سەریا**

**کورم!هەروەك لە ئوعجووبەی ژیانا بەختی بەد ئەگرێ،**

**شتێکیش-بەختیاری-پێکەنین گرتوویە چوار دەوری.**

یان لە(تاوێ نەگەڕا) دا:

**هەیهات،چ بێ میهر و وەفا دەرچوو نیگارم**

**حاڵی بە گەرم پرسش ئەکەم، ساردە جوابم**

**زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من**

**بۆ غەفڵەت و نسیانە هەموو نۆشی شەرابم.**

حەقیقەتی شیعر و جوانناسی(نەك مەبەست و ئامانج) لەلای گۆران ناسین و باشتر ناسینی بونیادی بوونی مرۆڤانە و دۆزینەوەو پەیبردنە بە مانا ئایندەکانی ئەم بونیادە.ئەو لە سروشتەوە دەستی پێکرد،بەڵام بە هۆی زمانەوە ماناکانی بوون و هەبوون دەخاتە ڕوو، یان زمان دەباتەوە سەر ڕەسەنی خۆی و لە هەموو سەرپۆش و دەمامکەکانی ئایین و سیاسەت و نەریت و بەرژەوەندی و هێزەکان ڕزگاری دەکات و دەیباتەوە بۆ لای (شیعر) و(جوانی).کە شیعر و جوانی باشترین و جوانترین شێوەکانی بەیانی حەقیقەتی بوون و مرۆڤن، چونکە زمان و شیعر و جوانی ماڵی ڕەسەنی بوونی مرۆڤن. لەلای گۆران زمانی شیعر شێوەیەك لە دەربڕین یان گوزارش نیە، بەڵکو خودی زمان و هەموو زمان لەگەڵ شیعر و جوانی و حەقیقەتی مرۆڤدا لەیەك جیانین و گۆران لە شیعری کوردیدا دەمانباتە ئەو بڕواو قۆناغەی کە خودی زمان و هەموو زمانەکە دەڵێی بۆ شیعر و لەناو شیعردا دروست بووە.لە گۆرانەوە ئیدی شیعر شێوەیەك نیە لە وەرگێن (استعارە)، گوزارش یان دەسکاریکردن بۆ هێنانەدی شیعر، بەڵکو هەموو زمانەکە دەبێتە شیعریەت و ئەویش وەکو بوون و حەقیقەت و مرۆڤ و جوانی دەبێتە ئەو ڕازەی کە شیعر ماهیەتی بوون و مرۆڤبونمان نیشاندەدات.

(گەشت لە هەورامان)

**تووڵە ڕێی باریك، تووناوتوون پشکن**

**ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن**

**ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل**

**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل**

**گاە سەرەو ژوورە، گا سەرەو خوارە**

**تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە.**

لە تەواوی هەردوو گەشتی هەورامان و قەرەداغ دا، گۆران فێرمان دەکات کە ماڵی جوانی و شیعر و داهێنان هەر لەناو خودی زماندایە، ئەم زمانەش بێگومان دوورە لە هەموو دەسکاری و سەرپۆش و بەلاڕێدا بردن:

**ساتوخوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت**

**کولەنجە ڕۆرۆ و هەوری لارەکەت**

**وەك هەنگ بگەڕێ و گۆرانی بڵێ**

**جارجار لابدە بۆ بەرپێی گوڵێ ( گەشتی قەرەداغ)**

مەگەر هەر (گۆران) بتوانێ گۆرانی بێژی دەنگخۆش بکاتە هەنگ و هەنگیش بکاتە گۆرانی بێژی کڕنووش بەر بۆ بەر پێی گوڵێك، ئەمەش تەنها بەوە دەبێ کە ماڵی زمان هەمان ماڵی جوانیەکان بێت، لەوپەڕی سادەییدا بەڵام لە لوتکەی داهێناندا.

**یان هەر لە گەشتی قەرەداغدا:**

**گوڵە بە ڕۆژەی قژ زەردی چاوکاڵ**

**ملکەچ وەستاوە سەرگەرمی خەیاڵ**

**عەکسی سەوزایی رووی پڕ لەرەی ئاو**

**تیا ئەشكێتەوە پرشنگی هەتاو**

**رەنگ رنگ پەپولە ئەفرن زەلاوزەل**

**گا كناچەی پۆڕ،گا جریوەی مەل**

یان هەر لە گەشتی قەرەداغدا و لە وەسفی زەماوەندی دێ و هەر بە وشەو زاراوە و ئیدیۆمەكانی ئەو كەشە چۆن دەڵێ:

**مەستی بێ شەراب هەرزەكاران (عیو)**

**خەفەت بابردوو دەردەداران (عیو)**

**زاوای بەردەرگای ئاواتی دڵ (عیو)**

**بووكی رازاوەی جوانتر لە گوڵ (عیو)**

**حەڵقەی چۆپی (عیو)،شمشاڵ لێدەر (عیو)**

**ئاسمان،ئەستێرە،دێ،دەشت و دەر (عیو)**

بە بیری كێدا دێت وشە یان ئیدیۆمی (عیو) ببێتە بەشێك لە شیعری زەماوەندی قەرەداغ و ئەو هەموو جوانی و وێنا و تابلۆیانە بە(عیو) جوانتر و نەخشاوتر بن!

سروشت،جوانی، ئازادی، شیعر و مرۆڤ كە شاكارەكانی ئەفراندن و جوانناسی یان شیعریەتی گۆران لە تەكلیف، تەسەنوع، كێش و سەرواو عەرووز رزگارەكرێن و بەهای شیعر یان حەقیقەتی شیعر دەبێتە ئەوەی كە بێ ڕتوش و ئارایشت لەگەڵ بوونی ڕاستەقینە و مرۆڤانەی خۆیاندا) هاوئاهەنگ بكاتەوە، ئەمەش دیسان دیدگا یان ڕازێكی دیكەی حەقیقەتی شیعر و حەقیقەتی مرۆڤە.هەندێك كەس و دیدگا دەڵێن شیعر و هونەر و جوانناسی كاریان بە ئاشكراكردنی حەقیقەت نیە و حەقیقەت تەنها لە استعارە و گوزارە مەنتقی و سەلمێنراوەكاندا بەیان دەكرێن، بەڵام گۆران بڕوای وایە كە سەرچاوەی حەقیقەت نەك لە گوزارەكاندا بەڵكو لە ئاشكراكردن و لە ژێر پەردە و دەمامك دەرهێنانی شتەكاندایە.هیچ كەس و شتێك ناتوانێ سەرپۆش لەسەری كەس و شتی دیكە لابدات، ئەگەر خۆی شاراوە بێت.ئەمەش ئەو شكارەیە كە گۆران بۆ زمان و شیعر(كە لەلای ئەو هەریەكن یان یەكسانن)كردی كە ئەوانی لە ژێر سەرپۆشی استعارە و گوزارە و عەرووز و چی و چیدیكە دەرهێنا.گۆران ئەوەی سەلماند، یان لە ڕاستیدا ئاشكرایكرد، كە هێزی شیعر و هونەر لەوەدایە كە دەتوانێت بەردەوام بونیادی مانایی (یان جیهانی خۆی) داهێنان بكات، واتە شیعر لەلای گۆران ئامرازێك نیە بۆ سروودانی مەبەست و جوانیەكان، بەڵكو خودی شیعر بەشێكە لە بونیادی ڕاستەقینەی زمان بۆ بەیانكردنی جوانی و ئازادییەكانی حەقیقەت و بوون.لەو بڕگانەدا كە وشەی(شیعر)بەكاردەهێنێ، كەبێگومان ئامراز نین، بەڵكو بەشێكن لە بونیادی مانایی هەمان دەق یان ڕازێكن لە ڕازەكانی جیهانی خودی دەق و بوونەكان.

هەڵبەستی ڕەنجاو و هەڵبەستی پەشیمان كە لە هەموو دیوانەكانی گۆراندا دووەم لە دوای یەكەم دێت، هەمان حەقیقەتی شعور و سۆز و هەستیاری گۆرانیان تیا دەرئەكەوێت بەو هەمووو وشە و زاراوە سادە و ساكارانەی خەڵكی ئاسایی كە لە یەكەمدا لە یار دەڕەنجێ و لە دووەمدا پەشیمان دەبێتەوە.لە یەكەمدا دەگاتە ئەو بڕوایەی كە:

**بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی سروشتی**

**دائەفلیقێ هەر دڵێ كەوتە مشتی!(هەڵبەستی ڕەنجاو)**

**و لە دووەمدا پەشیمان دەبێتەوە:**

**وەستاوم، سا دڵم خۆشكە**

**شیعری پێشووم فەرامۆشكە!(هەڵبەستی پەشیمان)**

**یان(لە جوانی سەرەڕێ)دا:**

**تۆیش لەگەڵ هەر جوانێك ئەبینم تا ئەمرم**

**ئەبێتە مرواری بۆ ملوێنكەی شیعرم**

**یان لەشیعری (نیاز)دا:**

**هیچ نەبێ تۆ، بۆ خاتری جاهی ئەپۆلۆ (خوای شیعرو حیكمەتی یۆنان)**

**مەلی شیعرم مەیدان مەدە بكەوێ لەگۆ!**

دیسان لەشیعری (ژن)دا پاش نەخشاندنی ئەو هەموو جوانی و سۆزو هەستانە دەڵێت:

**لەكونجی خاتیرەما تا ژنێكی شۆخ نەكا**

**پەری سیفەت بەپەلۆپۆی جەماڵەوە جیلوە**

**لەکوێ لەسەتحی زەمینا، لەسینەی فەلەکا،**

**ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا؟**

هەروەکو شاعیران و لێکۆڵەران دەزانن کە چەمکەکانی هەست، سۆز، هەستیاری (الادراك الحسی) یان جوانییەکان (لطائف نەك الجمال) کە بەشێکن لەبونیادی شیعری یان لەڕابردوودا وەکو هۆکارەکانی بەیان و ڕۆشنکردنەوە (وەرگرتن یان سەلماندن) بەکارهاتوون، بەڵام لەشیعری گۆران ئەم هەست و سۆزو جوانیانە هۆکارەکانی بەیان و وەرگرتن و سەلماندن نین، بەڵکو خۆیان بەشێکن لەبوونی مرۆیی و هەرچۆن مرۆڤ بکەرو ئامانجە، ئەوانیش بەهەمان شێوە بەرکارنین و نەبوونەتە ئامرازو هۆکار، بەڵکو لایەنە راستەقینەکانی رازی مرۆیین، ئەمەش دوو رازو پرسی دیکەمان بۆ دەکەنە شاکاری شیعری گۆران: یەکەم، مرۆڤە سادەکان دەتوانن بەو هەست و سۆزو جوانییانەی خۆیان بەشێك بن لەجیهانی شیعری، یان هیچ نەبێت دەکەونە رامانی شیعرییەوە، دووەم، رزگاربوونە لەمیتافیزیك و لوتبەرزی و شانازی شیعرو هەستیاری هەتا ئەوکاتە کەشیعر یان نوخبە لێی تێدەگات، یان تەنها نوخبە دەینوسێ یان ئەوان دەخاتە رەوشی تێڕامان و ئاوێتەبوون لەگەڵ شیعردا، بەڵام هێشتا رازی گرنگم نەوتووە، کەئەویش ئەوەیە مرۆڤەکان (هەمووان بەیەکسانی و بێ جیاوازی) دەبنە بەشێك لەدەق و رامانی شیعرو زمان و جوانی، چونکە هەمووان لەو شیعرانەدا ئاشکرا دەبن یان ئاشکرا دەکرێن. بیستەرو خوێنەر چیدی تەنها گوێگر یان بەرکارنین، بەڵکو هەر لەیەکەم خوێندنەوەو بیستندا دەبنە بکەرو شاعیر (ئەگەرچی بۆ چەند ساتێکیش بێت!) ئەمەش هەمان هەلومەرج، یان رەوشی عاشقمان بیردەخاتەوە، کە هەتا عاشق بێت بکەرو چالاکیت و لەدابڕانیشدا تەنها بە رکابەر و چاوەڕوانیت.

لەشیعری (بەستەی دڵدار) هەر لەیەکەم وشەوە سادەیی دەبێتە بەشێك لەجوانی کەئەویش (بەستە)یە، لەهەموو وشەو زاراوەو وەسفەکاندا بەشێوەی خەڵکی سادەو ئاسایی بەستەی دڵدارمان فێردەکات و لەپاڵ لوتکەی بەفرین و لەدۆڵاو دۆڵی کوردستان و لەشارو لەلادێ کەسمان وەکو یار جوان نەدیوە، ئەویش کچە کوردێکی فریشتەو پەریزادە کە دڵ پێی شادە.ئەو فریشتەو



گۆران

پەریزادە نەباریکە نەگۆشتن و نەکچۆڵەو نەشاژن، نە چاو زۆر رەش و نەئێجگار گەش، بەڵام لەنیگای شیریندا نەماندنی کەس وەك ئەو بەتین بێت، هەر ئەوەو بەس، عەشقی لەدڵ چەسپیو، گرتێبەربوون، ژێر نەبوونەوەی دڵ، ژینی تاڵی و ترشی، بێ شادی و ئارام بێ هیواو ناکام، ژیانی سەرسەری لەنەبوونی قیبلەی ئایین و باوەر کە خوای بەهەشتی دڵ تەرە، بەدوای ئەم دڵە تەڕەدا نەزازاما نەکرمانج، گەڕانی گەرمیان و کوێستان، نە لەشارو نە لەدێ نەماندی کەس وەك ئەو جوان، لەگەڵ ئەو سادەیی و ساکارییانەشدا، بەڵام رەهەندی خوێندەواری و دانایی و شارەزایی خۆیشی بیرناچێت و دەڵێت:

**ئەی گەورە کچی زەووس (باوکی خواکانی یۆنان)**

**خوشکە جوانەکەی ڤینۆس (خواژنی جوانی) ئەستێرەی زوهرە**

**تۆ ئەپەرستم، بۆیە وامەستم**
**بۆ ئایینم ئەگەڕێ هەندێ کەس**
**با جاڕ بدرێ تۆیت و بەس.**
**لەشیعری (بۆخانمێك)**
**ئەمجا بەپەڕو باڵی تەڕو فێنکی بۆسە**
**تێرتێر ئەسڕم، خانمەکەم، گەردی سەفەر لێت**
**نازانم ئەبێ چۆن بگەمە باسی ویساڵت**
**تۆ خواژنی جوانیت و ئەکەم فەرتی حەیا لێت.**

بەخەیاڵی کێدا دێت فەرتی حەیا یان حەیا لەدەستچوون دەگاتە باسی ویساڵی ئەو خانمە، گۆران لەفەرتی حەیاشدا یان لەدەست بەردانی شەرمیشدا هەر شاعیرەو دەیەوێت بگاتە باسی ویساڵی خواژنی جوانی.

یان لە (جوانی بێ ناو)دا:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ**
**ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو**
**گەندەمووی دەموچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسك سووك**
**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرت لەهی بووك.**

هەموو ئەو سیفەتانەی کە گۆران بۆ جوانی بێ ناوی وتوون، بێگومان هەموو کەس دەیانزانێ و هەموو رۆژ دەیانلێنەوە، هەر بۆیە لەیەکەم ساتەوە هەمووان بەو سادەیی و ساکارییانە هاوبەش دەکات لەتێڕامانی شیعریدا یان لەوتنەوەی شیعردا، بەڵام دیسان لایەنی شیعری و شارەزای لەبینینی جوانییە دەگمەکان لەبیرناچێت و دەبێتە راوچییەك هەموو سات و بوونەکان دەخاتە بۆسەی شیعری خۆیی و دەگاتە پایەی شاعیرێکی هەستیارو رووناکبیر:

| | |
|---|---|
| **راستە من رێبوارم، سەرپێی ئەڕوانم** | **بەڵام واجوانی تۆ کاری کرد لەگیانم** |
| **گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە** | **کە لەژێر سێبەری توتڕکا خامۆشە** |
| **کانییەکی روونی بەتریفەی مانگەشەو** | **لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو** |
| **جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور** | **شەپۆلی باتەبەر تیژگی رۆژ شلَپ و هوڕ** |

لەشیعرەکانی (بۆ بولبول) و (گوڵی لاولاو) بەهەمان وشەکان و هەستەکانی خەڵك لەگەڵ بولبول و لاولاو دەدوێ و بەهەمان سۆزەکانی رۆژانەمان ئەو نیگارو هەستیارە شیعرییانە بەیان دەکات.

| | |
|---|---|
| **ئەی بولبول، هەژار خۆمان** | **بێدەسەڵات، پڕ گومان** |
| **بەدەشتی ژینا وێڵین** | **ئەو جێگایەی جێی دێڵین** |
| **هەچ کوێ ئەچین بیابانتر** | **جێگای ترس و گومانتر** |
| **ئەی وەستای بەستەی شیرین** | **ئێمە هەتاکو ئەمرین** |
| **یا ئەپرسین، یان ئەگرین** | **ئیتر چلۆن بخوێنین** |
| **وەك تۆ، وەگ گشت سەرخۆشێ** | **پیاڵەی دڵخۆشی نوشێ** |
| **ئێمە عومرمان تاسەر** | **ئەندێشەیەو دەردی سەر** |
| **ترسەو تاسەیەو پرسیار** | **یەك لەشوێن یەك: سەد، هەزار:** |

یان لە (گوڵی لاولاو)دا:

**بەکوڵ گریان لەچاوم دێ، گوڵی لاولاوی رەنگاو رەنگ**
**لەبەرچی سیس ئەبی وازوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت؟**
**هەموو تاوێکە رۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ**
**ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ، سەبر دەستم بەدامانت**
**سەبر تو بی خوا!**
**تاوێکی تر راوەستە تا عومرم**
**وەکو رۆژی چلەی زستان**
**لەهەوری مەینەت ئاوا بێ.**

لەبوون و جیهانی ئاسایدا (واتە بەبێ شیعرو جوانی) بوون و حەقیقەتی مرۆییمان هەندێك جار کراوەو هەندێك جار داخراون، یان ئێمە کەمتر هۆشیارین سەبارەت بەبوون و رەوشی خۆمان لەجیهان و بووندا. هەندێك لەپرس و رازەکان ئاشکران و زۆربەشیان نهێنی یان شاراوەن و سەرەنجام بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان یان زۆربەی ژیانی تاکە کەسێك دەبێتە بەرکاربوون یان پاسیف بوون.هەست و سۆزی ئێمە یان هەستاریمان بەگشتی لەئاشکرابوون دوور دەبێت لەئاگایی و خود ئاگایی و لەجیهانی ئاسایی و دراوەکاندا دەمێننەوە، بەڵام ئەدەب و هونەر نەخشێکی گرنگیان هەیە لە لەراندنەوەی



ئاوازەکانی ئەم سەرکێشیەو دیسان پەیداکردنەوەی هەست و سۆزی هەستیاری و جوانناسی کەماهیەتی راستەقینەی بووناسیمانن، یان دەبنە بەشێك لەهەوڵ و خەبات بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری و ئاشکراکردنی حەقیقەت لەپێناوی ئازادی مرۆڤدا. پەیامی هونەر خاوەنی ئەو گەوهەرە گرنگەیە کەبوونی مرۆڤ دەکاتە بوونێکی هۆشیارو هەستیار). پەیامی ئەدەب و هونەر ئاشکراکردنی زەمینەو پەیوەندییەکانی بوونی مرۆیی و راستەقینەمانە، یان دەتوانن هەلو ئەگەر و تواناکانی بوومان ئاشکرا بکەن، هونەر بەئەفراندنی ئەم (جیهانە خودییە) یان ئەم (جیهانە بونیاریە)شێوەکانی گۆڕان و ئاڵوگۆڕیش ئەزموون دەکات. شیعرو جوانناسی کەشێوەکانی بونیاری و خودیی مرۆڤ، سروشت، جوانی و ئازادی ئاشکرا دەکەن دەگەنە شاکارێکی دیکەی بوونی راستەقینە کەئەویش پیرۆزی و مەزنی بوون و مرۆڤن.گۆران لەهەموو بەرهەمەکانیدا ئەم پیرۆزی و مەزنییە لەڕازی شاکاری شیعردا بۆ هەمووان و بەهەمووان دەنەخشێنێ.

لەشیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)ەوە دەستپێدەکەین، کە کەسێکی شمشاڵ ژەنی سادەو ساکاری لەبیرکراو کە:

**بەڕەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشماڵی کزا، دەروێش**
**حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،**
**لەسیماتا بەدیم کرد هیەکەلی عومرێکی حەسرەت کێش**
**وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبوی خەم بێ!**
**بەڵێ دیارە، لەناو قەمی بەسیتا قەدری سەنعەتکار**
**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیخندا**
**بەڵام تەختی روفاە و تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار**
**بەئوستادێ ئەدا وەك تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا**
**بەڵام چی بکەین لەناو چاوی رەشی بەعزێ زەکای گەورە**
**وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن،**
**ئەگەر خلیقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە**
**نەکردایە، خو عاڵم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن؟!**
**هەموو ورەزێکی گۆرانی، لەتولانی هەتا کورتی**
**بەسەر پەنجەی هونەر کردت بەدیلی کۆششی زاڵت!**

یان لەشیعری (بۆ سالم)دا دەڵێ:

**لەئاسمانی فەخردا شیعر بوو باڵێکت**
**ئەوی ترت بەتەبیعەت شعوری میللی بوو**
**لەشەوقی حوسنی بتێ بوو ئەگەر خەیاڵێکت**
**ئەوی ترت خەم و عەشقی وەتەن مەئالی بوو**
**بنوو لەقەبرەکەتا موستەریح بەئەی سالم**
**لەتۆ کوردترە ئێستا نەزان هەتا عالم**

لە(جەژنی نەورۆز)دا:

**بەسوڕێکی تر ئەستێرەی ئینسان گر (زەوی)**
**قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر**
**ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە**
**لەدێی کوردا گڕی ئاگری دیارە**
**لەتاریکی، لەچوار دیواری زستان**
**سەرفەراز بیت، سەر فەراز بوو مەلی گیان**
**بفڕێ، بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات**
**ماندوو نەبێ هەر بڕوات و هەر بڕوات**
**هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست،**
**بێ زنجیریی گەل ئەبینێ و ئەبێ مەست**

لەشیعری گۆراندا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ، کە هونەر دەتوانێ بونیادێکی نوێ لەنێوان بەشەکاندا بسازێنێ و هەر بۆیەش دەتوانێ لەڕوانگەو دیدگای عەقڵانی باو باڵاتر بڕوات. وتاری عەقڵانی بەپێی ئامڕازو ئامانجەکەی، وتارێکی

مێژوویی یان سەلمێندراوە، بەڵام روانگەو رازی شیعر لەبونیادی خۆیەوە بەرەو رۆح و گیان هەنگاو دەنێت و دەچێتە جیهانێکی دیکەوە، کە نەمێژووییەو نە جێگاییە، بەڵکو رەهاو والاّیە. ئەمەش دیسان ئاشناکردنەوەی مرۆڤە بەگرنگترین بوونی خۆی کە رۆحەو رۆحیش ئاشکراکردنی رەها یان ئەوپەڕی بێسنووریی حەقیقەتی بوونی مرۆڤە. لەشیعرو جوانناسیدا هەموو بەشەکانی سروشت و ژیان و کات وەکو مرۆڤ وان، یان لەڕۆشنکردنەوەو رەهەندەکانی مرۆڤدا سیفەتەکانی ئەوانیش دەکەونە هونەرو شیعرەوە. شیعری گۆران یان هونەری والاّ ئەو شێوەیەیە لەجوانناسی کەتەواوی بوونی راستەقینەی خۆی پەیدا دەکاتەوەو تەنها لەچوارچێوەی دەق و ئەدەبیات و فەرهەنگدا نامێنێتەوە، بەڵکو رازی ژیان و بوون، یان هەموو رازەکانی ژیان و حەقیقەت بەهەموو تایبەتمەندی و سنوورەکانیەوە دەخاتە رو.

لە شیعری (ئاهەنگێک لە ناو ڕان) گۆران بەراوردێك دەکات لە نێوان هەنگە زەردە و شوانی شمشاڵ ژەن، هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور بۆ بینینی گوڵاڵەی سور، تا نەگەڕێ مێرگی بەهار دەم نانێتە ناو دەمی یار، بەڵام چۆن بە پێی خۆی دێ گوڵی گەش، بۆ لای شوانی کەپەنك رەش، نەك گوڵێك و نەك سیان و چوار، چەند لە دێدا هەبێ نازدار.پەیوەندی و نزیك بوونەوەی هەنگ و شوان، کە بەشێکە لە پەیامی شیعری گۆران و هەموو ئەو شیعرانەی کە ماهیەتی جوانی و سۆزی شیعریەت دەکەنە ناوەڕۆکی شتەکان، یەکێکە لەو رەهەندە گرنگانەی کە رۆحی جوانی دەکرێتە ئامانجی شیعر یان تەواوی حەقیقەتی شیعر.

یان لە هۆنراوەی(ئەرۆی ئۆغر) دا دەگاتە ئەوپەڕی کاریگەری بووناسی و خودی بوون و نەبوونی شاعیر دەبێتە ناوەڕۆکی ڕاستەقینە بۆ شیعر:

**بەلەرزە و زەلزەلەی ئەو پلپلانەی دەووری پووشینت،**

**بینای هەستیم هەموو زێر و زەبەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**

**حەیام، عەقڵم، دڵ و دینم هەدەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر.**

بێگومان وشەی(هەستیم) لە (هەستی) فارسی وەرگیراوە، کە مانای بوون یان وجود دەدات،نەك(هەست) ی کوردی کە مانای شعورە.لە کۆتاییشدا لە دوای ئەو هەموو نەزەر نەکردنەی کلاو لاریش هێشتا حەیا و عەقڵ و دڵ و دینی هەر هەدەر نابێت، یان پرسیار لەوەدایە ئەگەر ئەوانەش هەدەربکات دەی چی دەبێت با ببێت!

لە(ئاوێنەی هەستیم)دا:

**هەر زەرڕەیەك لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم**

**هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کوورەیی دڵم**

**مەشبووعی عیشق و جەزبەیە، بۆ جوانی باقڵم**

**قابیل نیە فەراغەتم،حەتتا کە بیشمرم**

یان لە(دوا سەرنج) دا،گۆران بۆ قژزەردەی بەردەرگا،لە سەرەڕێی بەندیخانەدا لە موسڵەوە بۆ هەولێر لەو ساتە ناخۆشەشدا کە مرۆڤێك زیندانی بێت، بەڵام ئەوەی لەبیر نەچێت، کە شاعیرە و ساتێك یان سەرنجێکی جوان و بەسۆزی قژزەردی بەردەرگای لەکیس نەچێت و نەیکاتە شیعر. بەڕاستی گۆران هەمیشە شاعیر و هەمیشە لە بۆسەدا بووە بۆ ڕاوی ساتەکان و بۆ چنینەوەی جوانی و سەرنجەکان. ئەمەش هەمان ئەو پرسەیە، کە ماهیەت و رۆحی شیعر دەتوانێ لە هەموو ئان و ساتەکاندا ئامادە بێت و ئەو سات و سەرنج و شتانە بخاتە ناو رۆحی خۆیەوە.

**ئەبینم: پەپولەی نیازی گفتوگۆ**

**دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو**

**ئاخ خۆزگە هەڵئەفڕی، ئەمزانی ئاخۆ**

**ڕاسپێریی چی پێیە بۆ گیانی پەشێو؟**

**هەر ئەوەم لە دەستدێ،هەتا ئەتوانم**

**ئا لەم هەڵوێستەدا، هەل بەکار بێنم**

**وەك تینووی چاو لە ئاو بە کوڵ بروانم**

**ئەو چاوەی تێم بریت نە تیرووکێنم.**

**بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم**

**نیگارێ هەڵکەنم شێوەی لێت بچێ**

**تا هەرچەن گازی گرت لەلەش زنجیرم**

**ئازارم سووکتر کا خەیاڵی کچێ:**

**کە شۆخ و قژزەردە و باڵا رێك وبەرز**

**خەمخۆری نەناسە وەك فریشتەی عەرز.**